## مەندەلاوی وەڵامی مەشهەدانی دەداتەوە: دانیشتنی سەشەممە دروست و یاساییە



جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، موحسین مەندەلاوی، ئەمڕۆ چوارشەممە دووپاتی کردەوە کە دانیشتنی دوێنێی پەرلەمانی عێراق "یاسایی بووە و نیسابی تەواوەتی هەبووە"،ئەویش لە وەڵامی ناڕەزایەتیی مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمان کە بە نایاسایی زانی.

مەشهەدانی پێشتر دانیشتنی پەرلەمانی بە پووچەڵ ڕاگەیاندبوو، ئەمەش شەپۆلێکی مشتومڕی لەناو بازنەی سیاسی و پەرلەمانی لێکەوتەوە، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ناکۆکییە بەردەوامانەی لەسەر بەڕێوەبردنی دامەزراوەی یاسادانانی وڵات.

ئەم لێدوانانە لە کاتێکی هەستیاردا دێن لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، لەگەڵ پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان فراکسیۆنە پەرلەمانییەکان لەسەر میکانیزمی دەنگدان و بڕیاردان لەناو ئەنجومەنی نوێنەران.

لە خوارەوە لێدوانەکەی مەندەلاوی دەخەینەڕوو، کە دەستی موتەڵع کەوتووە: